خوێنەری هێژا: ئەم نووسینەی بەڕێز دکتۆر نوری تاڵەبانی بخوێنەوە و پاشان نامەکەی ( مەڵبەندی کەرکوك بۆ لێکۆڵینەوە ) کە بۆ:
سەرۆك جۆرج دەبلیو بوش، بەهۆی ڕێزدار پۆڵ بریمەرەوە
ڕێزدار تۆنی بلێر سەرەك وەزیرانی بریتانیا، بەهۆی ڕێزدار جۆن سۆەرسەوە
ڕێزدار کۆفی ئەنان سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەهۆی ڕێزدار لۆپەس دە سیلڤاوە
بەریزان سەرۆك و ئەندامانی ئە نجومونی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان
تێیدا داوای ئە نجامدانی ڕیفراندوم دەکەن کە لە کوردستاندا ئە نجام بدرێت: ئەگەر لەگەڵ ئەو نامەیەدایت ئەوا ناوی سیانی و پیشە و شوێنی دانیشتنت و ئیمزا ( کە ip ئەدرێسی کۆمپیوتەرەکەت دەبێتە ئیمزا )....بنووسە ..... کوردستان نێت.

# شێوەی بەکارهێنانی مافی چارەنووس وچەسپاندنی ئەم مافە

## لە هەردوو دەستووری کوردستان و عیراقدا

دوکتۆر نوری تاڵەبانی

سەرنگومکردنی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعسی و ئازادکردنی سەرتاپای عیراق، بووە هۆی پەیدابوونی جولاْنەوەیکی بەرفراوان لە کوردستاندا لە پێناوی چەسپاندنی مافی چارەنووس و بەکارهێنانی لە شێوەی ڕێکخستنی ریفەراندۆمێك. هەر چەندە ئەم هەڵمەتو چالاکیە لە سەرەتادا لە ناو روناکبیراندا دەستی پیَکردو پەرەی سەند، بەلاْم جەماوەری گەلەکەمان پشتگیری لیَ دەکەن. کەسانو خەڵکێکی زۆری سەر بەهەردوو حیزبی حوکمرانی کوردستانیش چەندەها کۆرو لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆریان بۆ بەستوە بۆ باسکردنی بابەتەکە وەبەبەردەوامی میدیاو کەناڵە تەلەفزیۆنەکانیش باسی لیَ دەکەن. لەو باوەڕەدام بەشێکی زۆری ئەو کەسانە پێشتریش هەر ویستویانە بەئاشکەراو بیَپێچوپەنا باس لە مەسەلەیێکی گرنگی وەك مافی چارەنووس بکەن وبیخەنە بەر چاو، بەلاْم لە بەر کۆمەلە هۆیەك نەیانتوانیوە بەوشێوەی ئێستا لێی بکۆڵنەوە و پشتگیری لیَ بکەن لە سەر کەناڵە تەلەفزیۆنەکاندا.

دەستنیشانکردنی پاشە رۆژی کوردستان و بەکارهێنانی مافی چارەنووس لەشێوەی ڕێکخستنی پرۆسەی ریفەرێندۆمێك لەم کاتە ناسکەدا چاکترە بەوردی لێی بکۆڵینەوەو. پێشەکی دەبیَ بلێین کە ئەم کارە بە بیَ هاوکاریکردنی هەمو لایەنە سیاسی و ڕێکخراوە مەدەنی و پیشەییەکانی کوردستان و کەسانی پسپۆرو شارەزا بە باشی ئەنجام نادرێت. داواو یاداشتکە پێویستە بە شێوەیکی قانوونی گونجاو دابرێژرێت. هەروەها دەبیَ شێوەی پەیوەندیکردن بە دەزگا نیو دەوڵەتی و دەوڵەتە زلَ هێزەکانی جیهانەوە دەستنیشان بکرێت، بە تایبەتی هەردوو دەوڵەتی ئەمریکاو بریتانیا کە ئێستاکە ڕاستەوخۆ حوکمی عیراق و کوردستان دەکەن. ڕۆڵی قانوونزانایان لێرەدا نابیَ هەر تەنیا شیکردنەوەو روونکردنەوەی چمك و ناوەرۆکی مافی چارەنووس و شێوەی بەکارهێنانی بێت، بەڵکو پێویستە بەشداریش بکەن لە دارشتنی ئەو یاداشتە کە ئامادە دەکرێت و داوا لە خەڵکی کوردستان دەکرێت کە ئیمزای بکەن. ئەو یاداشتە بەناوی جەماوەری خەڵکی کوردستانەوە دەخرێتە بەرچاوی دەزگاکانی

نێو دەوڵەتی و دەوڵەتانی پەیوەندیدار. هاوکاریکردنی ئەو لایەنو کەسانە کەئێستا لەکۆمیتەی ئامادەکردن و لەکۆبوونەوەو چالاکیەکانیتردا کاربۆ ئەم مەسەلەیە دەکەن مەرجی سەرەکیە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە. بۆیە چاکترە کۆمیتەیێکی بالا لەسەر ئاستی کوردستان دابمەزرێ و لق و پۆپ لە هەموو شارو شارۆچکەو گەورە دێهاتەکاندا بکاتەوە بۆ وریاکردنەوەی خەڵکو کۆکردنەوەی ئیمزاکانیان. ئومێدەوارین لە ناوەوەو لە دەرەوەی کوردستان چەند ملیۆن ئیمزایێك کۆبکرێتەوە. ئەم چالاکیانە بەبێ هاوکاریکردنی هەمو لایەنە سیاسی و رێکخراوە جەماوەری و مەدەنیەکانی کوردستان و دەرەوەی نیشتمان سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ. سایتەکانی دەرەوەی کوردستان رۆڵێکی گرنگ دەبینن لەکۆکردنەوەی ئیمزاکانی دەرەوەدا، چونکە لەرێگای ئەوانەوە دەبێ ئیمزا کۆبکرێتەوە. بەڵام نابێ ئەم پرۆسەیە بکەوێتە ژێر رکێفی هیچ حیزبێکی سیاسیەوە. ئەو یاداشتەی کە ئامادە دەکرێت پێویستە بە هەردوو زمانی کوردیو ئینگلیزیو بەدارشتنێکی قانوونیوگونجاو بنوسرێتەوە. لە "ترەستی کەرکوك بۆ لێکۆڵینەوە" تێکستێکمان ئامادەکردوە کە کوردێکی زۆری دانیشتوی لەندەن پەسەندیان کردوە. لێرەدا دەقی ئەو تێکستە دەخەمە بەرچاو بە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی تاکو لە کوردستان و دەرەوەدا بکەوێتە بەرچاوو وکەسانی تریش لێی بکۆڵنەوە.

ئامادەکردنی ئەم یاداشتە جگە لەوەی پشتگیرییێکی چاکە بۆ نوێنەرانی کورد لە ئەنجومونی حوکمی عیراقدا، مەسەلەی کورد وەکو مەسەلەی گەلێکی ژێردەستەو ماف خوراو جارێکیتر دەخاتەوە بەرچاو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیو دەوڵەتیدا.

لێرەدا پرسیارێك هەیە کە دەبێ بە روونی بەرەورووی خۆمانی بکەینەوە چونکە پاشان بەرەو رووی لێپرساوانی کورد لەئەنجومەنی حوکمی عیراق و لەو کوردانەی کەبەشداری دەکەن لە ئامادەکردنی دەستووری پاشەرۆژی عیراق دەکرێت. پرسیارەکەیش ئەوەیە ئایا دەکرێت داوای چەسپاندنو جێبەجێکردنی مافی چارەنووس بکەین لەکاتێکدا ئەم مافە بە روونی بەندێکی سەربەخۆی بۆ تەرخان نەکراوە لە دەستووری هەرێمی کوردستاندا؟ کورد چۆن دەتوانێ داوای مافێك بکات کەخۆی بەروونی و بێپێچ و پەنا لە دەستووری هەرێمی کوردستاندا نەیچەسپاندوە؟ دەبێ ئەوەیش لەبیر نەکەین کەدەستووری هەرێم بەزمانی عەرەبی نوسراوەو بلاوکراوەتەوە.

ئەگەر بە وردی تەماشای بەندکانی دەستووری هەرێمی کوردستان بکەین کە لە مانگی نۆڤەمبەری ساڵی 2002 دا لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند کراوەو، دەبینین تەنیا بەندێکی باس لە مافی چارەنووس دەکات کە بەندی (75) ە. ئەم بەندە بەکارهێنانی مافی چارەنووسی بەستوە بە حاڵەتێکی تایبەتمەندەوە کەبریتیە لە "دەستکاریکردنی سیستێمی فیدرالی لە عیراقدا بەبێ رەزامەندیەتی ئەنجومەنی نیشتمانی هەرێمی کوردستان". بەواتایێکی تر، ئەم دەستوورە بەکارهێنانی مافی چارەنووسی بەندکردوە بە روودانی حاڵەتێکی

تایبەتیەوە. لەراستیدا مافی چارەنووس مافێکی رەوای خەڵکی کوردستانەو دەبوایە بە بەندێکی سەربەخۆ لە دەستوورەکەدا باس بکرێت و بەند نەکرێت بەتەنیا حاڵەتێکەوە. مافی چارەنووس کە مافێکی رەواو قانوونی گەلی کوردە، لە چەند پەیماننامەێکی نێو دەوڵەتیدا دانی پێدا نراوە.

دووپرەنسیپی سەرەکی هەن کە پێویست بو بەندی تایبەتیان بۆ تەرخان بکرێت لە دەستووری کوردستاندا: مافی چارەنووس لەگەڵ داوای دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراقی نوێ لەسەر بنەمای رێکەوتن وبە ئارەزوومەندانە. ئەو لێکۆڵینەوەو باسانەی کە لە میدیای کوردستاندا دەنوسرێن، یان ئەو قسانەی کە دەکرێن لە کەناڵی تەلەفزیۆنەکاندا سەبارەت بەم دوو پرەنسیپە سەرەکیە، وەکو پێویست لە دەستووری هەرێمی کوردستاندا چەسپ نەکراون.

لە پرۆژەی هەرێمی کوردستان کە لە ساڵی 1992دا ئامادەم کردوە بە روونی و بەبێ پێچوپەنا ئەم دوو پرنسیپەی تێدا یەو وەکو مافێکی سروشتی گەلی کوردستان باسیان لێکراوە، بێ ئەوەی بەکارهێنانیان بەند بکرێت بە رووداني حاڵەتێکی تایبەتیەوە. لە پەرەگرافی یەکەمی بەندی 3ی پرۆژەکەدا هاتوە :" گەلی کوردستانی عیراق سەرچاوەی هەمو دەسەلاتەکانەو هەر خۆی بریاری دوا رۆژی خۆی دەدات". بەندی 4 باس لەدامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراق دەکات لەناوەراستی ساڵی 1992دا – نەك لەپاش 9ی‌نیسانی 2003 – و دەڵێت " گەلی کوردستانی عیراق بەویست و ئارەزووی خۆی لەگەڵ بەشە عەرەبیەکەی عیراقدا کۆمارێکی فیدرالی پێکدێنێ ".

لێرەدا بە ئاشکەرا باس لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی عیراقی نوێ دەکرێت، ئەویش لەسەر بنەمای پێکهاتن وبە ئارەزوومونداتە. دەبوایا ئەم دوو بەندە لە دەستووري هەرێمدا جێگایان هەبوایا. بەشێك لەو کەسانەی کە ئێستا بە جەختەوە باس لەو دوو پرنسیپە دەکەن لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆنیدا خۆزگە پێش نیسانی 2003 ئاماژەیایێکیان بۆ ئەو دوو پرنسیپە دەکرد، چونکە مافی چارەنووسی گەلی کوردستان نابێ بە "قۆناغ" داوا بکرێت چونکە مافێکە بەندە بەبوونی گەلی کوردەوە وهیچ لایەن وکەسێکیش ناتوانێ دەستی لێ هەڵگرێ.

لەنووسینێکدا لە ژێر دێری: "چەند سەرنجێك سەبارەت بە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان" کە لە مانگی نۆڤەمبەری ساڵی 2002دا بلاوکراوەتەوە، ئاماژەم بۆ ئەم دوو پرنسیپە کردوە کە ناشێ و ناکرێت دەستی لێ هەڵگرین. (هەفتەنامەی" الاتحاد"، ژمارەی 499ی 15ی نۆڤەمبەری ساڵی 2002) .

لێرەدا دەقی ئەو یاداشتە دەخەمە بەرچاو کە"مەڵبەندی کەرکوك بۆ لێکۆڵینەوە" لە 6ی ئۆگەستی 2003 دا ئامادەی کردوە بە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی:

سەرۆك جۆرج دەبلیو بوش، بەهۆی رێزدار پۆڵ بریمەرەوە

رێزدار تۆنی بلێر سەرەك وەزیرانی بریتانیا، بەهۆی رێزدار جۆن سۆەرسەوە

**رێزدار کۆفی ئەنان سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەهۆی رێزدار لۆپەس دە سیلڤاوە**

**بەریزان سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومونی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان**

**دەوڵەتی عیراق لە ساڵی 1921 لە دوو ویلایەتی بەغداو بەسرە لەلایەن وەزارەتی کۆلۆنیالی بریتاناوە دروستکراوە. لە مانگی تەموزی هەمان ساڵدا، لەپاش رێکخستنی رێفەرەندۆمێکی رواڵەتی، میر فەیسەلی کوری شەریف حوسەین کرا بە مەلیکی ئەوولاتەپاش ئەوەی هەموو مەرجو داواکاریەکانی بریتانیای قبوول کرد. لە ساڵی 1919 لە قاهیرەو پێش دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە، "کۆمیتەی سەربەخۆیی کوردستان" پەیوەندی بە بریتانیاوە کردووەو داوای یارمەتی لێکردون بە مەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی، بەلاّم هیچ وەلاّمێکی لەم بارەوە وەرنەگرتوە. بریتانیا کەماندێتی عیراقی پێسپێررابوو بە پێچەوانەوە خەریکی هەوڵدان بو بە لکاندنی ویلایەتی موسل بەم دەوڵەتەوە کە تازە دروستیکردبو لە عیراقدا.**

**لە 24ی مانگی دیسەمبەری 1922 هەردوو دەوڵەتی بریتانیاو عیراق پێکەوە بەیاننامەێکی هاوبەشیان ئاراستەی سەرانی کوردی ویلایەتی موسل کرد تیایا بە رووونی دانیان بە مافی گەلی کوردا ناوە و داوایان لێکردون حکومەتێکی تایبەت دابمەزرێنن تاکو بکەونە گوفتوگۆ لەگەڵیاندا. هەر لەو ماوەدابو کە تورکیا داوای ویلایەتی موسلی دەکرد، ئەو دەوڵەتە کەوتبوە هەوڵدان لە گەڵ بریتانیادا لەبۆ لەکارخستنی پەیماننامەی (سیڤر) کە لە 10 یئۆگستی 1920 لە نێوان دەوڵەتانی هاوپەیمانان وسەرانی دەوڵەتی عوسمانی مۆر کرابوو. ئەم پەیماننامەیە دانی ناوە بە بونی کورد وەکو نەتەوەیەك کەدەتوانێ چارەنووسی خۆی دەستنیشان بکات، بەمەرجێ ئەم مافەی لە ژێر چاودێری رێکخراوی "کۆمەڵەی نەتەوەکان"و بەرەزامەندیەتی ئەو بەکاری بێنێ. دوا پەرەگرافیبەندی 64ی ئەو پەیماننامەیە تەرخان کراوە بۆ چارەسەرکدنی باری کوردەکانی ویلایەتی موسل و تێیدا هاتوە کەمافی خۆیانە داوا بکەن بین بە بەشێك لەو دەوڵەتە کوردیەی کە بە پێی ئەو پەیماننامەیە دادەمەزرێت.**

**دەوڵەتی بریتانیا کە سەرقاڵی دەستگرتن بوو بەسەر چاڵەنوتەکانی ئەم ویلایەتەدا نەك بە داینکردنی مافەکانی کورد، هەموو هێزو توانای خۆی تەرخان کردبو بۆ لکاندنی ویلایەتی موسل بە دەوڵەتی تازەدروستکراوی عیراق و لەکارخستنی پەیماننامەی سیڤر. هەوڵە دیبلۆماسیەکانی بریتانیا لە (کۆمەڵەی گەلان) و لە دەرەوەی ئەو رێکخراوە بوونە هۆی لکاندنی ئەم ویلایەتە بە دەوڵەتی عیراقەوە، لەگەڵ ناونانی بە ماندێتی سەر عیراق لە مانگی حوزەیرانی ساڵی 1925. ئەم کارە بووە هۆی بێزاری و دەستپێکردنی زنجیرە سەرهەڵدانێك لەلایەن کوردەکانەوە کە بە توندی لەلایەن سوپاو و هێزی ئاسمانی بریتانیاوە سەرکوتکران.**

بەداخەوە هیچ لە حکومەتەکانی عیراقی ئەو سەردەمە دانیان بەمافەکانی گەلیکوردا نەناوە تائەوکاتەی عیراق قبوولکراوە بە ئەندامی (کۆمەڵەی گەلان) لە ساڵی 1932. هەرچەندە دەوڵەتی عیراق بەمەرجی قبووڵکردن و جێبەجێکردنی کۆمەڵە مافێکی گەلی کورد ئەندامیەتی ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەی پێ درابو، بەڵام ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عیراق ئەو ئیلتزامە نێو دەوڵەتیەی سەر شانیان جێبەجێ نەکردوە و تا گەیشتە ڕادەی جێنۆسایدکردنی لەلایەن ڕژێمی بەعسیەوە بە مەبەستی لەناوبردنیو تەفروتوناکردنی.

نە خواست و نە ئارەزووی گەلی کورد لە ساڵی 1925 وەرنەگیراوە سەبارەت بە لکاندنی وڵاتەکەیان بە دەوڵەتی عیراقەوە. ئازادکرنی عیراق لە نیسانی 2003 دا لە لایەن هاوپەیمانانەوەو لەگەڵ دەستپێکردنیان بە دروستکردنەوەی عیراقێکی نوێ بارێکی تازەی هێناوەتە کایەوە. ئومێدەوارین ئاواتەکانی گەلی کوردستان ئەمجارەیان بێنە دیو پشتگوێ نەخرێن. وەکو ئاگادارن لەکوردستانی ئازادکراودا لەساڵی 1992وەوە حکومەتێکی (دێ فاکتۆ) هەیە کە ئاسایشی لەناوچەکەدا زامنکردوە. هەروەها هەر لەسەرەتاوە کورد هاوکاری دەوڵەتانی هاوپەیمانانی کردوە لەپێناوی ڕزگارکردنی عیراق. هەر بە هۆی ئەم ئازادیەی کە لە ولاتەکەماندا هەیە داوا دەکەین ڕاپرسیێ (ڕێفەرەندۆم) ێك ڕێك بخرێت لە هەموو کوردستاندا (بەو ناوچانەیشەوە کەتاکو نیسانی 2003 لەژێر دەسەڵاتی ژرێمی بەعسیدا بوون) ، لە ژێر چاودێری ئێوەدا. مەبەست لە ڕێکخستنی ئەم ڕێفەرەندۆمە پرس کردنە بە خەڵکی کوردستان و وەرگرتنی ڕاوو بۆچوونیانە سەبارەت بە دوارۆژیان، چونکە هەر ئەوان دەتوانن پاشەڕۆژی خۆیان دەستنیشان بکەن و بریار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن، ئایا بە مانەوەی کوردستان بێ لە چوارچێوەی دەوڵتێکی فیدرالی عیراقدا، یان سەربەخۆ بن. کوردستانی سەربەخۆیش دەکرێ بەشێك بێت لە دەوڵەتێکی عیراقی کۆنفیدراڵیدا.

President George W. Bush via Mr. Paul Bremer
Mr. Tony Blair، the British Prime Minister، via Mr. John Sawers
Mr. Kofi Annan، via Mr. Lopes da Silva، UN Humanitarian Co-coordinator for Iraq.
The President and members of the Security Council

The state of Iraq was created by the British Colonial Administration in 1921 from the two Wilayets of Baghdad and Basra and، in July of that year، after a formal referendum، Prince Faisal bin Hussein ascended to the throne after he accepted all the British demands.

Before that time، a 'Committee for Kurdish Independence' held in Cairo in January 1919، had appealed for British help in establishing a Kurdish state but no action was taken and Great Britain، as the mandatory of Iraq، pressed for the annexation of the Wilayet of Mosul to the newly created state.

On 24th December 1922، a Joint Declaration signed by Britain and the new state of Iraq addressed to the leaders of the Kurds in the Wilayet of Mosul recognized their national rights، including the right to have a Kurdish government. However، Turkey was insisting that this Wilayet was a part of Turkey and both Turkey and Britain were challenging the Treaty of

Sevres، signed on 10 August 1920 between the Allies and the leaders of the Ottoman Empire. This Treaty recognized the existence of the Kurds as a nation with the right to self-determination، on condition that this right was exercised under the control of the League of Nations. Article 64 stated that the Kurds in the Wilayet of Mosul had the right to join the Kurdish state that would be created under the terms of this Treaty.

The British government، more concerned with oil than with the rights of the Kurds، did not allow the Treaty of Sevres to be implemented and annexed the Wilayet of Mosul to the Iraqi state. It then used its influence to get the annexation accepted by the League of Nations in June 1925 and to bring the whole of Iraq under its mandate. This provoked a series of revolts by the Kurds that were suppressed by the British Army and the Royal Air Force.

Regrettably، none of the Iraqi governments recognized Kurdish rights until Iraq became a member of the League of Nations in 1932. Although then formally required to recognize Kurdish rights، none of the regimes honored this obligation. The Ba'athist regime even went so far as to use genocide with the express intention of annihilating the Kurds.

The Kurdish peoples' wishes were ignored when their country was annexed to the Iraqi state in 1925. The liberation of Iraq by the Allies in April 2003، which will lead to the reconstruction of the country، presents a great opportunity to redress this.

There has been a status quo government in liberated Kurdistan since 1992 and the situation there is stable with full co-operation with the Allies. Therefore، we ask that a referendum be held، under your control، in all parts of Iraqi Kurdistan، including that part which was until recently under the control of the Ba'thist regime، to ascertain the wishes of the people. It is they who should decide whether to be a part of Iraq or to be independent. An independent Kurdistan can be a part of confederate state with Iraq.

6 August، 2003

**تکایە ئەگەر دەکرێت ئەم بابەتە بڵاوبکەنەوە بەئینگلیزیەکەیەوە، بە مەبەستی بەشداری کردن لە پرۆسەی هەوڵدان بۆ چەسپاندن و بەکارهێنانی مافی چارەنووس لە لایەن گەلی کوردستانەوە.**

**سوپاستان دەکەم، هەر سەرکەوتووبن. براتان : د. نوری تاڵەبانی**

203 .8 .10